

# لەبارەی هانا ئارێنت و مەسەلەی دەسەڵاتەوە

ئا.سەلاح سەعید ئەمین

هانا ئارێنت لەکۆنتێکستی تیۆراندنیدا بۆ چەمکی دەسەڵات، بەوە جیادەکرێتەوە کە دەکەوێتە نێوان دوو کلتورەوە،یەکەمیان : لەروانگەی هەیمەنەوە باس لەدەسەڵات دەکات ،دووەمیان:خودی دەسەڵات تەبەنی دەکات، بەپشت بەستن بەچەند سائێکی راگوزەر و چەند دەقێکی پەراوێزی کەزۆربەیان کلتوری یەکەم فەراموشیکردون.

کەلتوری یەکەم بنەما تیۆریە یەکەمینەکانی لای ئەفلاتون و ئەرستۆ دەبینین ،کەجیاوازییان لەنێوان شێوە جیاوازەکانی دەسەڵاتدا کردوە ،بەپشت بەستن بەهەیمەنە،هەیمەنەی تاک ( مەلەکیەت) ،یان هەیمەنەی کەمینە (ئۆلیگارشی) ،یان هەیمەنەی باشەکان ( ئەرستۆکراتی) یان هەیمەنەی زۆرینە (دیموکراتی) ،یان هەیمەنەی تری نوێ کە ئارێنت ئاماژەی پێداوە،کەبرینیە لەهەیمەنی نادیار (بیرۆکراتیەت) ،ئەم کلتورە لەفەرەنسا لەسەدەی شازدەدا لەگەڵ جان بودان و لەئینگلتەرا لەسەدەی حەڤدەدا لەگەڵ هۆبز چەسپی،بەڵام دەرکەوتەکانی ئەم کلتورە لەسەدەی بیستدا بەرونی بەدیارکەوت لەبەرهەمەکانی زۆر بیرمەندی راستڕەو و چەپڕەودا وەک ( رایت میڵز ،ماکس ڤیبەر ،ماوتسی تۆنگ ..هتد )سیاسەت لای ئەمانە ململانێیەکی ئەبستراکت وکراوەیە لەسەر دەسەڵات،دەسەڵات دواجار جگە لەتوندوتیژی هیچ شتێکی تر نییە،( باسکردنی ڤیبەر لە»توندوتیژی رەوا «لەدیدی ئارێنتدا هیچ نییە جگە لەدژیەکیەکی گەورە لە زاراوەدا )).



# C. Wright Mills

ئەو کلتورەی کە ئارێنت ئیلهامی لێوەرگرتوە،برێتیە لەکلتوری فەیلەسوفەکانی رۆشنگەری و بیرمەندانی هەردوو شۆڕشی ئەمەریکاو فەرەنسا، بەتەنهاش لای ئەمانە ناوەستێت ، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ رابردوی ئیغریق و لاتینیش،واتە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دەق و ساتانەی کەئەو فەیلەسوف و بیرمەندانە لەسەری وەستاون و تیایدا ژیاون.

دەکرێت بەکورتی بڵێین: ئارێنت تێڕوانینی خۆی بۆ دەسەڵات لەعەدالەتی ئیغریقەوە وەرگرتوە،لەهاووڵاتی رۆمانەوە، لەو فکرەی کە بیرمەندانی هەردوو شۆڕشی ئەمەریکاو فەرەنسا بەرهەمیانهێنا.

سەبارەت بەسەدەی بیستیش ئارێنت جەخت لەسەر ئەو جوڵانەوانە دەکات ،کەداوای مافەمەدەنیەکان و مافەکانی مرۆڤ بەگشتی دەکەن،جەخت لەسەر ئەو بزوتنەوانە دەکات ، کەلەسیستەمە تۆتالیتاریەکان جیابوونەتەوە.( بەهاری پراگ و... هتد)

ئەگەر بگونجایە ئارێنت پێیخۆشبوو لەوەی رویدا لەمەیدانی تیان ئان مین لەچین سەری دابنایایە،لەهەر دیاردەیەکی تردا کە ئارێنت پەنای بۆ بردوە، هەوڵیداوە وا لەبارەی دەسەڵاتەوە بدوێت کەلەفەزای هاووڵاتیانەوە سەرچاوە دەگرێت و پشت بەرێکەوتنی هاووڵاتیان دەبەستێت ،ئەم رێکەوتنەش لەدەرەوەی هەیمەنە دەبرێتەوە،لەبەرئەوە ئارێنت ئەوە رەتدەکاتەوە کەدەسەڵات تایبەتمەندیەکی تاکگەرا بیت ،ئارێنت ،قەناعەتی وایە:دەسەڵات ئینتیمایی بۆکۆمەڵ هەیە تا ئەوکاتەی ئەم کۆمەڵەدوچاری لێکترازان نابێت و بەسەرخۆیدا دابەش نابێت.

لەبەرئەوە کاتێک دەسەڵات لەدەستی کەسێک یان دەستەیەکدایە مەبەست ئەوەیە ئەو کەسە یان ئەو دەستەیە لەلایەن کۆمەڵەوە دەسەڵاتیان پێدراوە، تا بەناوی ئەوانەوە مومارەسەی دەسەڵات بکەن.

گرنگی دیدی ئارێنت لەوەدایە دەسەڵات لە بنچینەدا دەسەڵاتی هاووڵاتیانە و لەفەزای گشتیدا مومارەسەی دەکەن لەرێگەی نارەزای دەربرین وگوزارشت لەخۆکردن و دەنگدان وخۆپیشاندان وئیدانەکردنەوە،بەڵام دەسەڵاتی دەوڵەت ( یان نەسەقیەت بە زمانی هابرماس )دەسەڵاتێکە لەیەکەمەوە وەرگیراوە پاشکەوتەی ئەوە،واتە دەسەڵاتی دەوڵەت دیموکراتی نابێت ،ئەگەر پشتی بەهاووڵاتیان نەبەست بێت ،هەر ئەم گێرانەوەی هانا ئارێنتە بۆ دەسەڵات ،ئەمرۆ دەرگا لەبەردەم ئێمە دەکاتەوە باس لەو رۆڵانە بکەین کەچەمکەکانی وەک: کۆمەڵگەی مەدەنی و فەزای گشتی دەیگێڕن.

**سەرچاوە:**


-سایتی فیلۆسۆفیا ،وتاری:(( عن حنا ارنت و مساله السلطه)